The Journal of Mesopotamian Studies
ISSN:2147-6659 / e-ISSN: 2687-6388

Kanebî Taher, B (2020). ئەلفوبێی کوردی و پیتی لاتینی (خستنەڕووی لایەنی مێژوویی و گرفت و پێشنیازەکان) ,
*The Journal of Mesopotamian Studies,* 5 (2), *283-309.* DOI: 10.35859/jms.2020.734022

https://doi.org/10.35859/jms.2020.734022

# ئەلفوبێی کوردی و پیتی لاتینی
# (خستنەڕووی لایەنی مێژوویی و گرفت و پێشنیازەکان)

## ELFABEY KURDÎ Û PITÎ LATÎNÎ

Barzan KANEBÎ TAHER [1]

## پوختە

ئەم لێکۆلینەوەیە، کە بە ناونیشانی(ئەلفوبێی کوردی و پیتی لاتینی، خستنەڕووی لایەنی مێژوویی و گرفت و پێشنیازەکان)ە، دەروازەیەکە بۆ خستنەڕووی لایەنی مێژوویی و جوگرافی و هۆکاری هەوڵەکانی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینی. سەرجەم ئەو ئەلفوبێیانەش بەشێوەیەکی بەرامبەری (عەرەبی ـ لاتینی) لە چەند خشتەیەکدا دەخاتەڕوو، کە بەکارهێنراون. هەروەها جگە لە هۆکاری جێگیرنەبوونی هیچ یەکێکیان بە شێوەیەکی گشتگیر و چەسپاو، بە وردی تیشك دەخاتەسەر گرفتەکانی هەر یەکەیان و چۆنیەتی دەسکاری و چارەسەرکردنی هەندێ لە گرفتانە و هەوڵ و پێشنیازەکانی تری لەم بارەوە. بە تایبەتی ئەوانەی زیاتر لە لایەن شارەزایانەوە هەڵوەستەیان لەسەرکراوە و هەوڵی پوختەکردنیان دراوە، ئەلفوبێیەکەی "جەلادەت بەدرخان 1893 – 1951ز"ـە، چونکە تا ئەمڕۆش بەردەوام لە برەودایە و پانتاییەکی بەرفرە لە فەرهەنگی کوردی دەگرێتە خۆی. پاشان بۆ گرفتە چارەسەر نەکراوەکان پێشنیازێك خراوەتەڕوو.

**وشەی کلیلی:** ئەلفوبێ، پیتی لاتینی، گرفت، هەوڵەکان، پێشنیاز.

---

[1] MA in Kurdish Language and Literature / Derçûyê Lisansa Bilind di Zizman û Edebiyata Kurdî da

**E-Mail:** baranbt@yahoo.com,

**ORCID:** 0000-0002-1823-6316

**Article Type/Makale Türü:** Araştırma Makalesi / Research Article

**Received / Makale Geliş Tarihi:** 15.08.2020 - **Accepted / Makale Kabul Tarihi:** 19.08.2020

## Kürt Alfabesi ve Latin Harfleri

### ÖZ

Bu araştırma Kürt alfabesinin Latin harfleriyle kullanımı ve tarihsel sorunlarına yönelik bir öneri niteliğindedir. Çalışma Kürt alfabelerinin tarihi ve coğrafi yönlerini aydınlatmak için aralanan bir kapı olmakla beraber Arap alfabesinden Latin alfabesine geçiş için bir öneri sunmaktadır. Tarih boyunca bu iki alfabenin de kullanıldığı görülmüştür. Çalışma alfabelerin birbirinden farklı olmasından kaynaklı yaşanan sorunları gözler önüne sermiştir. Bu sorunların çözümü konusunda dil uzmanları tarafından verilen önem ile bazı çaba ve öneriler kabul edilir düzeydedir. Celadet Bedirxan'ın geliştirdiği Latin temelli alfabe halen kullanılmakta ve Kürt alfabesi için önemli bir yer tutmaktadır. Sorunlar tam olarak çözülemediğinden bu konuda bir öneri sunulmuştur.
**Anahtar Kelimeler:** Alfabe, Latin Harfleri, Kürtçe, Sorunlar, Öneri

## The Kurdish Alphabet and Latin Letters Displaying the Historical Side, Problems and Suggestions

### ABSTRACT

This research is a gateway to display historical, geographical and the reasons behind the attempts to change the Kurdish Alphabet from Arabic letters into Latin letters. the The alphabets are used and shown opposite to each other in multiple tables in Arabic and Latin, in addition to the reason of neither of alphabets being fixed in an inclusive way this research sheds light on the of the problems of each alphabet, alterations and solutions. The Alphabet of Jaladat of Baderkhan) is the most studied by experts and there were attempts by them to arrange it. As until nowdays this particular alphabet occupies a large chunk of Kurdish culture and is still being used, then concerning the unsolved problems a suggestion is presented.
**Keywords:** Alphabet, Latin Letters, Kurdish, Problem, Suggestion.

## پێشەکی

زمانی هەر میللەتێک لە میللەتانی جیهاندا وابەستەیە بە ئەلفوبێیەکی دیاریکراو، کە خۆی لەو کۆمەڵە پیتە دەبینێتەوە، کە بوونەتە هێمایەک بۆ ئەو دەنگە زمانییانەی بە فۆنیم دادەندرێن، ئەمەش بە پەیوەست بوون بە چوارچێوە

و سنوری زمانەکە، ئەرکی گەیاندن و گۆڕانی واتا دەبینن. زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تری جیهان خاوەن ئەلفوبێیەکی تایبەت بە خۆیەتی.

بەشێوەکی سروشتیش وەک زمانێکی زیندوو بە پێی قۆناغەکانی گەشە و گۆڕانی بە خۆیەوە بینیوە.

بەڵام سەبارەت بە ئەلفوبێی زمانی کوردی و گواستنەوەی لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی، چ لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی ئینگلیزی، یاخود ڕووسی، دواجاریش بۆ لاتینی، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ بووە و وەک پێویست ڕەچاوی بنەما سەرەکییەکانی ئەلفوبێی زمانەکە نەکراوە.

بۆیە هەوڵەکان هەر لە سەرەتاوە بە هۆکاری جیاوازی زمانی کوردی لەگەڵ ئەو زمانانەی ئەلفوبێیەکانیان لێوەرگیراوە. بە بەراورد لەگەڵ ئەلفوبێی زمانی کوردیدا جیاوازی بەرچاو بەدی دەکرێت. جگە لەوەش بەهۆی ئەوەی لەلایەن دەستە و کۆمەڵەیەکی ئەکادیمی یاخود ئەکادیمیایەکی تایبەت بە بوارەکەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە هەوڵی کەسیی ئێرە و ئەوێ بێ ئاگاداری یەکتر و بە پێی زار و ناوچەوە بووە. بۆیە لە هەر دانان و بەکارهێنانەکی ئەم ئەلفوبێیانەدا هیچ یەکێ لەم هەوڵانە بێ گرفت و کەموکوڕی نەبووە.

لەم بارەوەش لەلایەن شارەزایانەوە تیشکی خراوەتە سەر و تا ئاستێک هەندێ دەسکاری و پێشنیاز بەدی دەکرێت، بەڵام تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان نەتوانراوە هاوتای ئەلفوبێیە عەرەبییەکە، ئەلفوبێیەکی لاتینی کوردی بێتە ئاراوە.

ئەمەش پێویستی بە هەڵوەستە و لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، بۆ خستنەڕووی لایەنی مێژوویی و جوگرافی، گرفت و ڕێگەچارەکان، چۆنیەتی پوختەکردن و پێشنیازەکانی دەربارەی ئەلفوبێیەکی کوردی لاتینی یەکگرتوو و گونجاو.

بۆ ئەم مەبەستەش ئامانجی سەرەکی باسەکە، لە ڕووی میتۆدەوە بە پەیڕەوی لە ڕێبازی وەسفی شیکاریی و ڕەخنەیی، بە زاری کرمانجی ناوەڕاست خراوەتە ڕوو.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا باس لە مێژووی هاتنەکایە و بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی کراوە، لەم بەشە دا جگە لە خستنەڕووی هەر سێ جۆرە ئەلفوبێیە ئینگلیزی و لاتینی و سلاڤییەکەی لە عێراق و ئەرمەنستان و ڕووسیا، بەرامبەرکردنیان بە ئەلفوبێیە کوردییەکەی بە پیتی عەرەبی،

هەروەها تیشک خراوەتە سەر ئاستەنگ و کەموکوڕییەکانیان و هۆکارەکانی جێگیر نەبوونیان وەک ئەلفوبێییەکی سەرەکی کوردی بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

لە بەشی دووەمدا باس لە هاتنەکایەی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی لە سوریا کراوە، لەم بەشەدا جگە لە هەڵوەستەکردن لەسەر هۆکاری گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینی و چۆنیەتی گونجاندن و هاوتاکردنیان، هەردوو ئەلفوبێییەکەش خراوەتە ڕوو. هەروەها ڕوونکردنەوەی هۆکار و هەوڵەکانی پێداچوونەوە و دەستکارییە سەرەتاییەکانی پێشوو، دەرخستنی گرفت و پێشنیازە پێویست و تازەکان بە مەبەستی هێنانەکایەی ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو و گونجاو تیشکی خراوەتە سەر. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش لە کۆتایی دا لە چەند خاڵێکدا دیاری کراوە.

## بەشی یەکەم: مێژووی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی:

ئەلفوبێ، واتە: وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانە و بنەمای سەرەکی نووسین و خوێندنەوەیە. خوێندنەوەش، تێگەیشتنی مەبەستی نووسەرە لەوەی کە بە وشەی نووسراو دەربڕیوە.( کوردی، 2010، ل10) واتە وێنەی ئەو دەنگانەیە کە دەبن بە بنەمای پێکهاتەی وشە. هەروەها دابەشی سەر دوو جۆری سەرەکی دەبن: 1- پیتە بزوێنەکان. 2- پیتە نەبزوێنەکان.(ئەمین، 2014، ل22) وەک جیاوازییەکیش لە نێوان دەنگ و پیتدا، (دەنگ) لەڕێگای ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەدرکێندرێت و بەهۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێت. (پیت) وێنەی دەنگە، بە نیشانە لە نووسیندا دیارکراوە و بە هۆی بینینەوە وەردەگیرێت. (حاجی مارف، 1982، ل16)

زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تری جیهان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. لە ڕووی وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانەکەوە، جگە لە ( ئەلفوبێی عەرەبی)، کە مێژوو و پانتاییەکی فراوانی هەیە لە نووسینی کوردییدا، واتە وێنەی دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی لە پیتی عەرەبی گونجێنراو سازکراون،(بەصیر، 1982، ل5) کە تا ئەمڕۆش لە برەودایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەلفوبێی لاتینی)یش بەکاردێت.

سەبارەت بە هاتنەکایەی ئەلفوبێی لاتینی، شارەزایانی زمانی کوردی کۆکن لەسەر ئەوەی سەرهەڵدانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی دەگەڕێتەوە بۆ دوای یەکەمین جەنگی جیهانی. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەم کاتەدا

درك بەوە کرا، ئەو شێوە ئەلفوبێیە عەرەبییەی کە بەکاردێت بۆ نووسینی کوردی لەبار نییە.

لەم بارەوە بە مەبەستی دانانی ئەلفوبێی ستانداردی زمانی کوردی لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی لاتینی، لە سێ لاوە لە عێراق و ئەرمەنستان و سووریا، بێ ئاگاداربوون لە کارەکانی یەکتر شارەزایانی بوارەکە هەوڵەکانیان خستتەگەڕ. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا لێکچوونێکی بەرچاو لە نێوانیادا هەیە و ئەوەی جیایان دەکاتەوە، جیاوازی زارەکانی زمانی کوردییە. وەك لە عێراق بەپێی کرمانجی خواروو بووە و لە ئەرمەنستان و سووریا بە پێی کرمانجی سەروو بووە. (خەزنەدار، 2010، ل54) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی قسەکەرانی زارەکە و نەبوونی شارەزایی پێویست لە بارەی زارەکانی ترەوە.

هەوڵە دەرەکییەکان دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی، ڕۆژهەڵاتناس و گەڕێدە و نێردە ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە گرنگی دان و تیشک خستنەسەر زمان و ئەدەبی کوردی. سەبارەت بە یەکەمین خستنەڕوو و بەرهەمی نووسراوی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی، دەگەڕێتەوە بۆ "ماوریستێۆ گارزۆنی 1734- 1804ز" لە ساڵی (1787ز) کتێبی (ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی"ی لە شاری ڕۆما بە ئەلفوبێی لاتینی- ئیتاڵی بڵاوکردەوە. بەهۆی ئەم کارەشییەوە بە (باوکی کوردۆلۆجیا) ناو دەبرێت. (هەژار،2018، ل5) ئەم کتێبە جگە لە باسکردنی هەندێ لە بەشەکانی ئاخاوتن و وشەنامەیەکی (ئیتاڵی – کوردی)، کورتەیەک لە ئەلفوبێ لە خۆ دەگرێت. شایانی ئاماژەیە دوای ئەم بەرهەمەی "ماوریستێۆ گارزۆنی 1734- 1804ز" تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هیچ بەرهەمێکی تری ڕێزمانی تایبەت دەربارەی زمانی کوردییەوە نەهاتۆتە ئارا.(کوردۆیێف، 1984، ل8) " بەڵام دوای ئەم ماوەیە، یەکێ لە کارە گرنگ بەرچاوەکان لەم بارەیەوە، بە تایبەتی لەبارەی فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، لە لایەن نێردەی ڕووسی " ئۆگست ژابا 1801- 1894ز" هاتۆتە ئاراوە، کە لە ساڵی (1879ز) فەرهەنگێکی (کوردی – فەرەنسی)ی داناوە، کە پازدەهەزار وشەی کوردی لە خۆ دەگرێت. هەروەها دوو فەرهەنگی تریشی داناوە، (فەرەنسی - کوردی – ڕووسی) و ( کوردی – فەرەنسی – ڕووسی). (زنگابادي، 2014، ل66-67) جگە لەمانەش هەر لەم بارەیەوە چەندان ڕۆژهەڵاتناس و نێردەی تر تیشکیان خستۆتە سەر زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردییەوە، وەک: ("پ،

لێرخ 1828- 1884ز"، "باسیل نیکیتین 1885- 1960ز"، " ئۆسکارمان 1867- 1917ز"، "مەکەنزی 1926- 2001ز"........هتد). سەبارەت بە هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسی کوردی لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی، مێجەرسۆن1881 – 1923ز" لە ساڵی (1913ز)دا یەکەمین کەس بووە، کە ڕێنووسی لاتینی بۆ زمانی کوردی داناوە و پەرتوکێکی لە "لەندەن" بە ناونیشانی (ڕێزمانی کرمانجی یان زمانی کوردی، چاپ کردووە. پاشان لە "بەغدا" لە ساڵی (1919ز)دا پەرتوکێکی تری لەسەر بنچینەی زاری کرمانجی خواروی زمانی کوردی بە ناونیشانی (سەرەتای دەستووری زمانی کوردی) نووسیووەتەوە. کە تیایدا لە کێشانی وێنەی دەنگەکانی زمانی کوردی بە پیتی لاتینی، هەوڵەکانی لە گونجاندنی پیتە دەنگدارەکان و بێ دەنگەکانی زمانی کوردی زاری کرمانجی خواروو لەگەڵ ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی دا دەردەکەوێت.(فەرەج، 1976، ل12) ئەمەش بووە دەسپێکێک بۆ هاندانی نووسەران و شارەزایانی کورد و بەدواداهاتنی هەوڵەکانییان لەم بارەوە، وەك: کتێبی (اولەمین قراءتی کوردی) کە لەلایەن "محەمەد زەکی1880- 1948ز" و "محەمەد باشقە1890-1980ز" لە ساڵی (1920ز) لە "بەغدا" بڵاوکرایەوە.(موکریانی، 1972، ل7) پاشان بە پەیڕەوی لە هەندێ لە کارەکانی "مێجەرسۆن1881- 1923ز" هەر لە بەغدا لە ساڵ (1933ز) لەلایەن "تۆفیق وەهبی1891-1984ز" کتێبی (خوێندەواری باو) بڵاوکرایەوە. لەم سەردەمەشدا هەرچەندە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا هیچ ڕێگرییەکی لێ نەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە مەبەستی پەراوێز خستنی، وەک پێویست برەوی پێ نەدرا.(پوور، 2015، ل180) هەروەها لەم بارەوە چەند وتارێکی لە کۆواری (دەنگی گێتی تازە) بە ناونیشانی (دەستووری زمانی کوردی) بڵاوکردۆتەوە. کە بە بێ دەسکارییەکی ئەوتۆ، ئەلفوبێی لاتینی کوردییان ڕاستەوخۆ لە ئەلفوبێی ئینگلیزی وەرگرتووە. لەم ئەلفوبێیەدا جگە لە پیتەکانی (ê,ö)ی سەرجەم پیتەکانی تر لە ئینگلیزی وەرگیراون. بۆ پیتەکانی (چ، ش، غ)یش بە پێی دەستووری ڕێنووسی ئینگلیزی پیتی لێکدراویان بۆ بەکار هاتووە. وەك: (چ - ch، ش - sh، غ - gh). بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی چۆن گۆ دەکرێت هەرواش دەنووسرێت، بۆیە بۆ پیتەکانی (ل، ر)ی قەڵەو پیتە لێکدراوەکانی (lh, rh) و بۆ(وو) و (ی) یێی قووڵ پیتەکانی (uw, iy) بەکارهاتووە.(خەزنەدار، 2005، ل233) شایانی ئاماژەیە، هێنانە کایەی پیتی لێکدراو شێوەیەکی گونجاوی نییە، چونکە لە هەر ئەگەرێکی چارەسەری، چارەسەرێکی وا

پەسند دەکرێت، ئاسانکاری لە نووسین و خوێندنەوەدا بێنێتە ئاراوە.(کوردی، 2010، ل11) هەروەها لەسەر هەمان بنەمای سوود وەرگرتن لە ئەلفوبێی ئینگلیزی " سیسیل جۆن ئەدمۆندز1889- 1979ز" لە وتارێکدا، کە لە (کانونی دووەمی 1931ز)دا لە کۆواری (کۆمەڵەی مەلەکییەی ئاسیایی) لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە، پێشنیازی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی دەکات، پاشان بە هەندێ دەسکارییەوە، بۆ جارێکی تریش لە ساڵی (1933ز) لە هەمان کۆوار بڵاوکراوەتەوە. بەڵام دیسانەوە بە هۆی جیاوازی ئەلفوبێی کوردی لە زمانانی تر نەیتوانیوە گرفتەکانی ئەوانەی پێش خۆی چارەسەر بکات.(بڕوانە: ئەدمۆدز و مینۆرسکی، و: سوڵتانی، 1996) واتە جگە لە بەکارهێنانی پیتی لێکدراو بۆ ئەو پیتانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا هیچ ئاماژەیەکیش نەکراوە بۆ پیتەکانی (ح، ع، ڕ، ڵ). کەواتە دانانی ئەلفوبێیەکی لەبار و بێ گرفت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی فۆنەتیکییە، بەتایبەتی لە دیاری کردنی سەرجەم فۆنیمەکان و پاشان دانانی وێنە بۆیان. دواتریش بەراورد کردنی پیتەکان، بۆ ئەوەی بزانرێ بوون و نەبوونیان چ ڕۆڵێکی هەیە.(حاجی مارف، 1982، ل16) ئەلفوبێیەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:



| | |
|---|---|
| پیتە نەبزوێنەکان | Aa(ء), Bb(ب), Cc(ج), CHch(چ), Dd(د), Ff(ف), Gg(گ), Hh(هـ), Jj(ژ), Kk(ک), Ll(ل), LHlh(ڵ), Mm(م), Nn(ن), Pp(پ), Qq(ق), Rr(ر), RHrh(ڕ), Ss(س), SHsh(ش), Tt(ت), Vv(ڤ), Xx(خ), GHgh(غ), Ww(و), Yy(یـ), Zz (ز). |
| پیتە بزوێنەکان | Aa(ئا), Öö(وو), Oo(ۆ), Êê (ێ), Ii(-), Ee(ە،ـە), Uu(و), IYiy(ی). |

شایانی ئاماژە بۆ کردنە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە لە عێراقدا بە هۆکاری ئایینی و سیاسی نەتواندرا جێگیر بکرێت و ببێتە ڕێنووسی سەرەکی نووسینی کوردی.(خەزنەدار، 2010، ل54)

دوابەدوای عێراقیش ئەلفوبێی لاتینی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت سەری هەڵدا.

کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت لە ساڵی (1927ز) بە مەبەستی دانانی ئەلفوبێیەکی کوردی لاتینی بۆ کوردەکانی ئەرمەنستان و قەفقاس، لێژنەیەکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی "عەرەب شامیلۆف1897- 1978ز" و "ئیسحاق موروگوولۆڤ" پێکهێنا. لە ئەنجامدا ئەلفوبێیە دیاری کراوەکەی لێژنەکە بە شێوەیەکی فەرمی ناسێندرا، کە بە پێی کرمانجی سەروو بوو. پاشان بوو بە ڕێنووسی کتێبی زانستی و هونەری و کۆوار و ڕۆژنامە و کتێبی قوتابخانەکانیش بەم جۆرە ئەلفوبێیە چاپ کرا.(خەزنەدار، 2005، ل235) دوای قەفقازیش، لە یەریڤان "حاجی جندی 1908- 1990" لە ساڵی (1931ز)ی کتێبی (قرائەتی کتێبا ئەلفبا)ی بە لاتینی – ڕووسی – فەرەنسی، بڵاوکردەوە. ئەم ئەلفوبێیە زۆربەی پیتەکانی لە لاتینی ئیگلیزی وەرگرتووە و بە مەبەستی تەواوکاری چەند پیتێکی لاتینی ڕووسی و فەرەنسی وەرگرتووە.(فەرەج، 1976، ل25) بەڵام ئەلفوبێیەکەی قەفقاس زیاتر بەشێوەیەکی خێرا کەوتە برەو. هەروەها جگە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (ریا تازە)، لەلایەن دەستەیەکەوە، لە ساڵی(1933ز) یەکەمین فەرهەنگی کوردی – ئەرمەنی چاپ کرا.(Kurdo, 1960, L21) شایانی باسە ئەم ئەلفوبێیەش ئاسا ئەلفوبێیەکەی عێراق بێ گرفت و کێشە نەبوو. هەروەک هیچ ئاماژەیەک بەدی ناکرێت بۆ جیاکردنەوەی پیتەکانی (ر، ل)ی قەڵەو و هەروەها (Qq) لە جیاتی (غ) و (Kk) لە جیاتی (ق)، بەکارهاتووە. لە پیتە دەنگدارەکانیش بۆ (و- Yy)، (وو- Vv)، (ی- Ii)، (ێ...)، (ە ـە...) بەکارهاتووە. وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

| | |
|---|---|
| Bb(ب), Cc(ج), Єє(چ), Dd(د), Əə(ع), Ff(ف), Gg(گ), Qq(غ), hh(هـ), Ħħ(ح), Kk(ك), Ķķ(ک), Ll(ل), Mm(م), Nn(ن), Pp(پ), Kk(ق), Rr(ر), Ss(س), Şş(ش), Tt(ت), Vv(ڤ), Ww(و), Xx(خ), Yy(و), Jj(يـ), Zz(ز). | پیته نەبزوێنەکان |
| Aa(آ), Ee(ێ), Əə(ە ،ـە), Îî(ی), Ii(-), Oo(ۆ), Vv(وو), Yy(و). | پیته بزوێنەکان |

بەڵام دواتر هەروەک لە فەرهەنگەکەی "قەناتی کوردۆ" کە بە ناونیشانی (Ferhenga Kurdî – Rûsî)یە و لە ساڵی (1960ز) چاپ کراوە. دەردەکەوێت، جگە لە دەستنیشان کردنی هێماکانی (Ḧ ḧ,Ẍ ẍ) لە بەرامبەر (ح ، غ). هەروەها پیتەکانی تریشی بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە: (ق، Qq). (ك، Kk). (چ، Ç ç). (ژ، Jj). (وو، Û û). (ی، Yy). (ێ، Ê ê). بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ جیاکردنەوەی پیتەکانی (ل، ر)ی قەڵەو و سووک نەکردووە. (بڕوانە: Kurdo, 1960)

ئەم ئەلفوبێیە تا ساڵی (1945ز) بە تەنیا بەردەوام بوو، پاشان ئەلفوبێی کوردی لاتینی گواسترایەوە سەر ئەلفوبێی ڕووسی "سلاڤی"، لەگەڵ ئەمەشدا لەبارەی گرفتی کەمتری ژمارەی پیتە ڕووسییەکان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی پیتە کوردییەکان، بۆ چارەسەری گرفتەکە ئەو پیتانەی لە ئەلفوبێی ڕووسیدا نەبوون، یان لەگەڵ دەنگە کوردییەکان نەدەگونجان پیتی لاتینییان لە باتی داندرا.(فەخری، 1977، ل74) واتە لە بەرامبەر پیتە نەبزوێنەکانی وەک: (غ، ق، هـ، و)، پیتە لاتینییەکانی وەک: (Íí, Qq, hh, Ww) و لە بەرامبەر بزوێنی (و) پیتی (Öö) داندرا. بەڵام هیچ ئاماژەیەک بۆ جیاکردنەوەی پیتەکانی (ر، ل)ی قەڵەو، کە دوو پیتی جیان، هەر وەک لە زمانەکەدا جووتە وشەی وا هەن بە هۆی قەڵەوی و لاوازی ئەم دوو پیتەوە واتای جیاواز دەبەخشن، وەک وشەکانی: ( برین – بڕین، گول –

گوڵ.....هتد).(کوردی، 2010، ل18) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەلفوبێیەکە لەم دەرخستەیەدا دەخەینە ڕوو:

| | |
|---|---|
| پیتە نەبزوێنەکان | Бɓ(ب), Пп(پ), Тt(ت), Шш(ج), Чч(چ), Һһ(ح), Хх(خ), Дд(د), Рр(ر), Зз(ز), Жж(ژ), Сс(س), Щщ(ش), Ээ(ع), Íí(غ), Фф(ف), Вв(ڤ), Qq(ق), Кk(ك), Гг(گ), Лл(ل), Мм(م), Нн(ن), һһ(هـ), Ww(و), Йй(يـ). |
| پیتە بزوێنەکان | Aa(ا), Ээ(ه ،ـه), Öö(و), Yy(وو), Oo(ۆ), Ии(ی), Ee(ێ), Ъъ(-). |

هەرچەندە ئەم ئەلفوبێیە بە بەراورد لەگەڵ هەردوو ئەلفوبێیەکەی تری عێراق و ئەرمەنستان کەمترین گرفتی هەیە، بەڵام هۆکاری جێگیرنەبوونی وەک ئەلفوبێیەکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، وەک:

1- پارچەپارچەیی گەلی کورد بۆ سەر چەند وڵاتێکی زمان و ڕێنووس جیاواز و دەرکەوتنیان وەک کەمینەیەک و نەتوانینی کۆکردنەوەیان لە یەک شوێنی دیاری کراودا.

2- نەبوونی شارەزایی و ئاشنایەتی گەلی کورد لەگەڵ ڕێنووسی ڕووسی و ناسانایی لە فێربوونی، هەروەها نەبوونی کاریگەری بەسەر نەتەوەکانی تری ناوچەکەش وای کردووە، تەنیا لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەتەوە بەکاربهێندرێت و بە شێوەیەکی ناوچەیی بمێنێتەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین ڕوونتر گرفتەکانی هەرسێ ڕێنووسەکە دیاری بکەین، بە شێوەیەکی بەرامبەری لەم خشتەیەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

| ڕووسی (سۆڤیەت) | لاتینی (ئەرمەنستان) | لاتینی (عێراق) | عەرەبی |
|---|---|---|---|
| | | | نەبزوێنەکان |
| - | - | Aa | ء |
| Бб | Bb | Bb | ب |
| Пп | Pp | Pp | پ |
| Tt | Tt | Tt | ت |
| Шш | Cc | Cc | ج |
| Чч | Єє | CHch | چ |
| Һһ | Ħħ | - | ح |
| Xx | Xx | Xx | خ |
| Дд | Dd | Dd | د |
| Pp | Rr | Rr | ر |
| - | - | RHrh | ڕ |
| Зз | Zz | Zz | ز |
| Жж | - | Jj | ژ |
| Cc | Ss | Ss | س |
| Щщ | Şş | SHsh | ش |
| Ээ | Əə | - | ع |
| Íí | Qq | GHgh | غ |
| Фф | Ff | Ff | ف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Вв | Vv | Vv | ڤ |
| Qq | Ķķ | Qq | ق |
| Kk | Kk | Kk | ک |
| Гг | Gg | Gg | گ |
| Лл | Ll | Ll | ل |
| - | - | LHlh | ڵ |
| Mm | Mm | Mm | م |
| Hh | Nn | Nn | ن |
| Нн | hh | Hh | هـ |
| Ww | Ww | Ww | و |
| Йй | Jj | Yy | ی |
| | | | بزوێنەکان |
| Aa | Aa | Aa | آ |
| Ээ | Əə | Ee | ـە، ە |
| Öö | Yy | Uu | و |
| Yy | Vv | Öö | وو |
| Oo | Oo | Oo | ۆ |
| Ии | Îî | IY iy | ی |
| Ee | Ee | Êê | ێ |
| Ъъ | Ii | Ii | - |

وەک لەم بەرامبەرکردنەدا دەردەکەوێت، جگە لەوەی لە هەرسێ ئەلفوبێیەکەدا بە مەبەستی تەواوکاری سوود لە ئەلفوبێی لاتینی وەرگیراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ یەکێکیاندا نەتواندراوە تەواوی ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردی لە خۆبگرن. کە یەکێ لە خەسڵەتەکانی زمانی کوردی یەکسانبوونی ژمارەی پیت و دەنگە، واتە پیت و دەنگ یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لەم بارەوەش زمانی کوردی (37) پیت لە خۆ دەگرێت، (8) پیتی بزوێن و (29) پیتی نەبزوێن.(خۆشناو، 2013، ل8) هەروەک لە ئەلفوبێیەکەی عێراق لە بەرامبەر پیتەکانی (ح، ع)، لە ئەلفوبێیەکەی ئەرمەنستان بۆ (ژ) ئاماژە بە هیچ پیتێک نەکراوە. بۆ پیتەکانی (ڕ، ڵ)ی قەڵەو لە ئەلفوبێیەکەی عێراق ئاماژە بە پیتی لێکدراوی (RH ,LH) کراوە، کە ئەویش بە بەراورد لەگەڵ پیتەکانی تر لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێت، کەچی لە هەردوو ئەلفوبێیەکەی تری ئەرمەنستان و ڕووسیا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەم دوو پیتە بەدی ناکرێت.

**بەشی دووەم: ئەلفوبێیەکەی( جەلادەت بەدرخان1893- 1951ز) و خستنەڕووی دەستکاری و پێشنیازەکان:**

دوای عێراق و ئەرمەنستان ڕێنووسی کوردی لاتینی بە شێوەیەکی بنەڕەتی و چەسپاو لە سووریا سەری هەڵدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێنووسی تورکی تا دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی (1928ز) لەسەر بنچینەی ڕێنووسی عەرەبی دامەزرا بوو. لەم مێژووە بەدواوە لە تورکیا ئەلفوبێی لاتینی لە باتی ئەلفوبێی عەرەبی بەشێوەیەکی فەرمی و گشتگیر بەکارهات.(خەزنەدار، 2005، ل234-235) ئەمەش هۆکارێکی کارگەر بوو لەسەر ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوەی بە هەمان شێوەی تورکەکان لە باتی ئەلفوبێی عەرەبی ئەلفوبێی زمانی کوردی لەسەر بنچینەی لاتینی بێتە کایەوە.

لەم بارەوە بە نیازی ئەوەی کوردەکانی تورکیا لە نووسین و خوێندنی کوردی بێ بەش نەبن، لە ساڵی (1932ز) "جەلادەت بەدرخان 1893-1951ز" بە ناوی خواستراوی "میر هەرەکۆڵ ئازیزان" بۆ یەکەمین جار ئەلفوبێیەکی بە پیتی عەرەبی و لاتینی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (ڕێزمانا ئەلفابێیا کوردی) چاپ و بڵاوکردەوە.(نەبەز، 1976، ل79) لەم بەرهەمەیدا بۆ یەکەمین جار بنچینەی دەستووری بۆ پیتەکانی (ç ,ê ,î ,ş ,û ,x) داناوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتری ژمارەی پیتە لاتینییەکان بە بەراورد لەگەڵ پیتە کوردییەکان. هەروەها ئەم ئەلفوبێیە وەک یەکەمین بەرهەمی "کتێبخانەی هاوار" بوو، کە لە (15-5-1932 تا 15-8-1943ز) لەسەر ئەم بنچینەیە

(57) ژمارەی "کۆواری هاوار"ی دەرکرد.(نەبەز، 1976، ل79) ئەلفوبێیەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

| | |
|---|---|
| پیتە نەبزوێنەکان | Bb(ب), Pp(پ), Tt(ت), Cc(ج), Çç(چ) , Xx(خ), Dd(د), Rr(ر), Zz(ز), Jj(ژ), Ss(س), Şş(ش), Ff(ف), Vv(ڤ), Qq(ک), Kk(ق), Gg(گ), Ll(ل), Mm(م), Nn(ن), Hh(هـ), Ww(و), Yy(یـ). |
| پیتە بزوێنەکان | Aa(ئا), Ee(ە ،ـە), Uu(و), Ûû(وو), Oo(ۆ), Îî(ی), Êê(ێ), Ii(-). |

لەم ئەلفوبێیەدا جگە لەوەی پیتی (K) لە جیاتی (ق) و پیتی (Q) لە جیاتی (ک) بەکارهێناوە.(Azîzan,1932, L11) چەند پیتێکی تری کرمانجی خواروری پشتگوێ خستووە. وەک: پیتەکانی (ل، ر)ی قەڵەو و هەر چەندە (ر)ی قەڵەو لە کرمانجی سەرووشدا هەیە، هەروەها پیتەکانی (ح، غ) لەگەڵ (هـ ، خ)دا جیانەکراوەتەوە، کە دوو پیتی سەربەخۆن و واتا دەگۆڕن، وەک لە وشەکانی: ( حەز) و (ئەز)، (خار "دڕک") و (غار) دەردەکەوێت.(فتاح، 2011، ل71)

دوای بڵاوبوونەوەی ئەلفوبێیەکەی "جەلادەت بەدرخان1893- 1951ز"، هەر زوو هەست کرا بە کەموکوڕییەکانی، بۆیە بە مەبەستی چاککردن و گەشەپێدانی کەوتە بەر تیشکی شارەزایان و لێکۆڵەرانی بوارەکە، بۆ هێنانە کایەی ئەلفوبێیەکی پوخت و بێ گرفت لە نووسین و خوێندنەوەدا، تا ڕێکەوتنێکی گشتگیر لە بارەی دەستنیشانکردنی هەر فۆنیمێک لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی بێتە ئاراوە.(عەلی، 2014، ل188) هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئەوەمان بیر بچێت تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان کۆ دەنگییەکی تەواو سەبارەت بە ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو بۆ زمانەکە نەهاتۆتە ئاراوە، هەر چەندە وەک شێوەیەکی هەمیشەیی بەردەوامە لە بەکارهێنانیدا، بەتایبەتی لە بەشە کوردییەکانی تورکیا و سووریا.

لەم بارەیەوە سەرەتا "د.کامەران بەدرخان 1895- 1978ز" لە ساڵی (1938ز) ئەلفوبێیەکی پوختە تری بە پیتی لاتینی بەدەستکارییەوە لەسەر هەمان دەستووری براکەی بە ناونیشانی (ئەلفوبێیا من) لە سووریا نووسیوەتەوە و لەوێدا جێگۆڕکێی بە پیتەکانی (کK، قQ) کردووە، واتە پیتی (K) بۆ (ک) و پیتی (Q)ی بۆ (ق) داناوە. کە دواتر جێگیر بوو.(نەبەز، 1976، ل79) هەروەها دوای ئەویش "جەمال نەبەز 1933- 2018ز" لە کتێبی (نووسینی کوردی بە لاتینی) بە مەبەستی جیاکردنەوەی (ل، ر) قەڵەو لە (ل، ر) سووک پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە (ïÏ ,r̈R̈) بەرامبەر بە (ل،ر)ی قەڵەو بەکار بهێندرێ. جگە لەمەش بۆ پیتی پەیوەندی دوای وشەیەک کە بە پیتی دەنگدار کۆتایی هاتبێت، پیتی (y) بۆ (ی) داناوە، بۆ پیتی پەیوەندی دوای وشەیەک کە بە پیتی بێ دەنگ کۆتایی هاتبێت پیتی (î) بۆ (ی) داناوە. وەک: (مامۆستای من Mamostay̲ min)، (کوڕی من Kuŕî̠ min). هەروەها بۆ پیتی بەستنەوەی دوای وشەیەک کە بە پیتی دەنگدار کۆتایی هاتبێت، پیتی (w) بۆ (و) داناوە و بۆ پیتی بەستنەوەی دوای وشەیەک کە بە پیتی بێ دەنگ کۆتایی هاتبێت، پیتی (u) بۆ (و) داناوە. وەک: (مامۆستا و قوتابی Mamosta w̲ Qutabî)، ( کوڕ و کچ Kuŕ u Kiç).(نەبەز، 1957، ل2-3)



هەر لەم بارەیەوە "گیوی موکریانی1903- 1977ز" دوای ڕێگەدانی لەلایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە جگە لە کێشەی (ل، ر)ی قەڵەو، لە بەرامبەر (ح، غ) کە لە ئەلفوبێیەکەدا جیانەکراوەتەوە لەگەڵ (هـ ، خ)دا، بۆ ئەو مەبەستە پیتەکانی(Ḧḧ ,ẍẌ) لە بەرامبەر دا دەستنیشان کردووە و لە ساڵی (1960ز) لەسەر ئەم بنچینەیە کتێبێکی بە ناونیشانی ( ئەلفوبێی کوردی وێنەدار بە پیتی لاتینی) چاپ کردووە، هەروەها شایانی ئاماژە بۆ کردنە پێشتریش بە مەبەستی تەواوکاری ژمارەی پیتە لاتینییەکان بەرامبەر پیتە کوردییەکان دوو پێشنیاز لە لایەن "دی- ئێن- مەکەنزی1926- 2001" خرابووە ڕوو. کە بریتی بوون لە:

- بەکارهێنانی پیتی لێکدراو وەك: (ph, lh, kh, gh......

- بەکارهێنانی نیشانەیەك لەگەڵ پیتەکە وەك: (ç ,ẍ ,ş ,ê ,î ,û) (موکریانی، 1972، ل10-13)

پوختەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| پیته نەبزوێنەکان | Bb(ب), Pp(پ), Tt(ت), Cc(ج), Çç(چ) , Xx(خ), Dd(د), Rr(ر), r̈R̈(ڕ), Zz(ز), Jj(ژ), Ss(س), Şş(ش), (غ)Ẍẍ, Ff(ف), Vv(ڤ), Qq(ق), Kk(ک), Gg(گ), Ll(ل), ẗÏ(ڵ), Mm(م), Nn(ن), Hh(هـ), Ww(و), Yy(یـ). |
| پیته بزوێنەکان | Aa(ئا), Ee(ـە، ە), Uu(و), Ûû(وو), Oo(ۆ), Îî(ی), Êê(ێ), Ii(-). |

کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە تاکو ئێستا لەلایەن شارەزایانەوە کۆدەنگییەکی تەواو سەبارەت بە ئەلفوبێییەکی یەکگرتووی کوردی لاتینی گشتگیر نییە. بۆیە لەم بارەیەوە چەند سەرنج و پێشنیازێکی تر دەخرێتەڕوو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بەر لە پوختەکارییەکەی ( تۆفیق وەهبی1891- 1984ز) دەقە کوردییەکان بە گشتی و شیعری کلاسیکی بە تایبەتی جگە لە بەکاربردنی زۆرێک لە وشەی عەرەبی، بە شێوەیەکی ڕەها لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی عەرەبی نووسراون. لەم بارەشدا چەند پیتێکی عەرەبی بەدی دەکرێتن، کە لە زمانی کوردییدا نییە. وەک پیتەکانی: (ص، ض، ط، ظ، ذ، ث). لەم بارەوە "د.بائیز عومەر ئەحمەد1961ز-" لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (ئەلفبێی یەکگرتووی کوردی بە پیتی لاتینی) چەند سەرنج و پێشنیازێکی تر دەخاتەڕوو، لەم سۆنگەیەوە جگە لەوەی بۆ پیتەکانی (ش، چ، ح، غ)، لە بەرامبەردا بۆ پیتەکانی (Xx, Hh, Ee, Cc, Ss) یەک نیشانە بۆ بەدەستهێنانی هێمای هەر پێنج پیتەکانی فۆنیمەکە زیاد بکرێت(ئەحمەد، 2007، ل230). هەروەها بۆ فۆنیمە ناسەرەکییەکانی ناچنە ناو ئەلفوبێی کوردییەوە دانانی هێما بە پێویست دەزانێ.

هێماکانیش بەم شێوەیە پێشنیاز دەکات: هێمای (7) لەسەر هەر پیتێک بۆ قەڵەو کردن و هێمای (8) بۆ دەربڕینی دیاردەی سووکردن، هێمای (ō) بۆ ئەلوفونەکانی (وو، وی، وێ)، هێمای (؟) بۆ (ئـ) بەکار بهێندرێت.

هەروەها پێشنیازی ئەوەش دەکات هێمای(O) بۆ (و)ی ئاسایی و هێمای (U) بۆ (ئە)، هێمای (E) بۆ (ی) دابندرێت.

کەواتە بەپێی ئەم پێشنیازە ئەلفوبێی کوردی بەم شێوەیە دەبێت:

- بزوێنەکان:

- کورت: (ئە) Uu، (و)Oo، (-)Ii

- درێژ: (ئا) Aa، (ی) Ee، (ێ) Êê

- نیمچە بزوێن: (ی) Yy، (و) Ww

- نەبزوێنەکان:

- کپ: (پ) Pp، (چ) Ĉĉ، (خ) Xx، (ت) Tt، (س) Ss، (ش) Ŝŝ، (ف) Ff، (ك) Kk، (ق) Qq، (هـ) Hh، (ح) Ĥĥ.

- گڕ: (ب) Bb، (ج) Cc، (غ) Ẋẋ، (د) Dd، (ز) Zz، (ژ) Jj، (ڤ) Vv، (گ) Gg، (ل) Ll، (ر) Rr، (م) Mm، (ن) Nn.

هەر لەم بارەیەوە هێمای ئەو فۆنیمە عەرەبییانەی کە لە ئەدەبی کلاسیکی بەکارهاتوون و هێمای فۆنیمە ناسەرەکییەکان بەم جۆرە دەخاتەڕوو:

- قەڵەوەکان: (ۆ) ŎŎ، (ڕ) Řř، (ڵ) Ĺĺ، (ط) Ťť، (ظ) Žž، (ص) Šš، (ض) Ďď.

- سووکەکان: (پ) Ṕṕ، (چ) Ĉĉ، (ک) Ḱḱ، (ت) Ĥĥ، (ذ) Ẑẑ، (ث) Ŝŝ.

- بگۆڕەکان: وو، وی، وێ (Ōō).

- خۆنەگرەکان: (ئـ) ؟(23)

لێرەدا بە پێی ئەم ئەم پێشنیازانە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی (31) پیت لە خۆ دەگرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| | |
|---|---|
| پیتە نەبزوێنەکان | Bb(ب), Cc(ج), Ĉĉ(چ), Dd(د), Ff(ف), Gg(گ), Hh(هـ), Ĥĥ(ح), Jj(ژ), Kk(ک), Ll(ل), Mm(م), Nn(ن), Pp(پ), Qq(ق), Rr(ر), Ss(س), Ŝŝ(ش), Tt(ت), Vv(ڤ), Ww(و), Xx(خ), Ẋẋ(غ), Yy(یـ), Zz(ز). |
| پیتە بزوێنەکان | Aa(ئا), Ee(ی), Uu(ئە), Oo(و), Îî(ی), Êê(ێ), Ii-) (. |

لەم ئەلفوبێیەدا وەک دەردەکەوێت جگە لە دەستنیشانکردنی هێماکانی (7، 8) بۆ دیاردەی دەربڕینی قەڵەوکردن و سووککردن و گۆڕینی هێماکانی (O) بۆ (و)، (U) بۆ (ئە)، (E) بۆ (ی).هەروەها دەستنیشانی کۆمەڵێک فۆنیمی تری ناسەرەکی دەکات بە هۆی ئەوەی لە ئەدەبی کلاسیکی دا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە.

لێرەدا دەکرێت ئەوە بگوترێت، ئەم ئەلفوبێیە جیا لەسەرجەم ئەلفوبێیەکانی تر، زۆرترین فۆینم لە خۆ دەگرێت. ئەمەش جێگیر بوونی وا سانا نییە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەلفوبێیەکەی "جەلادەت بەدرخان1893- 1951ز" دەمێکە ڕێڕەوی خۆی گرتووە و بەشێوەیەکی جێگیر و گشتگیر کەوتۆتە برەو.

بۆ ئەم مەبەستەش دواین خستنەڕووی بەرامبەری ئەلفوبێی کوردی و جۆری نووسینیان بە پیتی عەرەبی و لاتینی، لە لایەن " پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین1947ز-" کە وەک پێڕەوێکی ئابوری و لۆژیکی بۆ ڕیزکردنی پیتەکان و بەخشینی سیمایەکی سیستەماتیکی بە ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگسازی، تێکچڕژاندنی هەموو پیتە وەستاو و بزوێنەکان بە یەک ڕیز و ڕیزکردنیان بە پێی پێوانەکانی سروشتی ڕیزبوونی ستانداردی جیهانی پیشانی دەدات.(ئەمین، 2012، ل85) هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، ئەوەی لەبارەی پیتەکانی نووسینی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکەوتنێکی گشتی لەسەرە و ئەکادیمیای کوردیش پەسندی کردووە.(ئەمین، 2012، ل84) بەڵام بۆ ئەلفوبێیە لاتینییەکە تاکوو ئێستا نەتواندراوە بە شێوەیەکی گشتگیر و چەسپاو ئەم دۆخە بێتە ئاراوە، هەر وەک لەم خشتەیەی خوارەوە لەگەڵ هەرسێ جۆرەکەی تری پێشوو دەیخەینە ڕوو:

| لاتینی (سووریا) | ڕووسی (سۆڤیەت) | لاتینی (ئەرمەنستان) | لاتینی (عێراق) | عەرەبی |
|---|---|---|---|---|
| | | | | نەبزوێنەکان |
| - | - | - | Aa | ء |
| B b | Бƃ | Bb | Bb | ب |
| Pp | Пп | Pp | Pp | پ |
| Tt | Tt | Tt | Tt | ت |
| Cc | Шш | Cc | Cc | ج |
| Ç ç | Чч | Єє | CHch | چ |
| Ḧ ḧ | hh | Ħħ | - | ح |
| Xx | Xx | Xx | Xx | خ |
| Dd | Дд | Dd | Dd | د |
| Rr | Pp | Rr | Rr | ر |
| Ŕ ŕ | - | - | RHrh | ڕ |
| Zz | Зз | Zz | Zz | ز |
| Jj | Жж | - | Jj | ژ |
| Ss | Cc | Ss | Ss | س |
| ş Ş | Щщ | Şş | SHsh | ش |
| ' | Ээ | Əə | - | ع |
| ẍ Ẍ | Íí | Qq | GHgh | غ |
| Ff | Фф | Ff | Ff | ف |
| Vv | Вв | Vv | Vv | ڤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Qq | Qq | Ķķ | Qq | ق |
| Kk | Kk | Kk | Kk | ک |
| Gg | Гг | Gg | Gg | گ |
| Ll | Лл | Ll | Ll | ل |
| Ĺ ĺ | - | - | LHlh | ڵ |
| Mm | Mm | Mm | Mm | م |
| Nn | Hh | Nn | Nn | ن |
| Hh | Нн | hh | Hh | هـ |
| Ww | Ww | Ww | Ww | و |
| Yy | Йй | Jj | Yy | ی |
| | | | | بزوێنەکان |
| Aa | Aa | Aa | Aa | آ |
| Ee | Ээ | Əə | Ee | ـە، ە |
| Uu | Öö | Yy | Uu | و |
| Û û | Yy | Vv | Öö | وو |
| Oo | Oo | Oo | Oo | ۆ |
| Î î | Ии | Îî | IY iy | ی |
| Ê ê | Ee | Ee | Êê | ێ |
| Ii | Ъъ | Ii | Ii | - |

به سەرنجدان لە هەر چوار ئەلفوبێیەکە، جگە لەوەی نە تواندراوە لە هیچ یەکێکیان سوود لە ئەلفوبێی تەنیا زمانێک وەربگیردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هێما وەرگیراوەکانیش جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت. هەروەها لە ئەلفوبێیە لاتینیەکەش دوای هەموو ڕەخنە و پێشنیاز و دەسکارییەکان، هەتا ئێستاش

پیتی (ع) تەنیا هێمای (')ی بۆ دیاری کراوە، ئەم هێمایەش جیا لە هێمای ترە و گوازارشت لە هێمای پیتی هیچ زمانێکی تر ناکات، هەروەها پیتی (ئـ)، هیچ هێمایەکی بۆ دیاری نەکراوە.

زیادکردنی ئاماژەکانیش بۆ پیتەکانی (Ḧ ḧ ,Ẍ ẍ, Ĺ ĺ ,Ŕ ŕ) وەک نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی (ر، ل)ی قووڵ و (ح، هـ) و (خ، غ)، کە بەشێوەی زیادکردنی خاڵە (..) لە سەر پیتەکان ئەمەش لەگەڵ ئاماژە زیادکراوەکانی تری پیتەکانی وەك: (Ê ê ,Î î ,Û û ,Ş ş ,Ç ç)، هاوشێوە نییە و وەک ئەوە دەردەکەوێت هەر لەسەر بنەمای بوونی خاڵ (.)ی سەر پیتە عەرەبییەکانەوە بێ. واتە بە بەراورد لەگەڵ پیتەکانی تر بەشێوەیەکی ناوازە دەردەکەون.

ڕەنگە جگە لە جیاوازی زار، ئەمەش هۆکارێک بێ زیادکردنی ئەم ئاماژانە تاکو ئێستا لە لایەن کوردانی (ڕۆژئاوا) سووریا و (باکوور) تورکیا بە شێوەیەکی کرداری و گشتگیر شوێنی خۆی نەگرتووە. واتە تاکو ئێستا لە ئەلفوبێی کوردانی ئەم دوو بەشە جیاوازی ناکرێتت لە نێوان پیتەکانی وەک: (ر- ڕ، ل - ڵ، ح- هـ، خ – غ).



لەم بارەیەوە بە مەبەستی چارەسەرییەکی گونجاو، دوو پێشنیاز دێتە ئاراوە. وەك:

1- بە پێچەوانەی پیتە ئاماژە بۆ زیادکراوەکان کە نیشانەی هەشتی بچووک (8) یان بۆ زیادکراوە، نیشانەی حەوتی بچووک (7)، لە بری خاڵ (..) بۆ ئەوانی تر زیاد بکرێت.

وەك: (ڵ- Ĺ ĺ , ڕ- Ř ř ,ح- Ẍ ẍ ,غ- Ȟȟ).

2- بۆ سەرجەم نەبزوێنە ئاماژە بۆ زیادکراوەکان نیشانەی هەشتی بچووک (8) زیاد بکرێت و بۆ سەرجەم پیتە بزوێنە ئاماژە بۆ زیادکراوەکانیش نیشانەی حەوتی بچووک (7) زیاد بکرێت. وەك:

- پیتە نەبزوێنەکان: (ئـ - Ĕ ĕ ,چ- Č č ,ح- Ȟȟ ,ڵ- Ĺ ĺ ,ڕ- Ř ř ,ش- Š š ,ع- Ă ă ,غ- Ẍ ẍ).

- پیتە بزوێنەکان: (وو- Û û ,ی- Î î ,ێ- Ê ê).

لێرەدا دەردەکەوێت دیاری کردنی ئەم هێما و ئاماژانە تەواوکارییەك بەرامبەر پیتە کوردییەکانی ئەلفوبێی عەرەبی دێنێتە ئاراوە، کە سیما و ئەدگارەکانی

زمانی کوردی پیشان دەدات.(خۆشناو، 2011، ل102) وەک لەم پۆلێنکردنەی خوارەوە بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێت:

| ئەلفوبێی لاتینی کوردی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نەبزوێن | | نیمچە بزوێن | بزوێن | |
| گڕ | کپ | | درێژ | کورت |
| B b (ب) | Ě ě (ئـ) | Y y (یـ) | A a (ئا، ا) | E e (ـە، ە) |
| C c (ج) | P p (پ) | W w(و) | Û û (وو) | U u (و) |
| Ă ă (ع) | Č č (چ) | | Î î (ی) | I i (-) |
| Ẍ ẍ (غ) | X x (خ) | | Ê ê (ێ) | |
| D d (د) | T t (ت) | | O o (ۆ) | |
| Z z (ز) | S s (س) | | | |
| J j (ژ) | Š š (ش) | | | |
| V v (ڤ) | F f (ف) | | | |
| G g (گ) | K k (ك) | | | |
| L l (ل) | Q q( ق) | | | |
| Ĺ ĺ(ڵ) | H h (هـ) | | | |
| R r(ر) | Ȟ ȟ (ح) | | | |
| Ř ř (ڕ) | | | | |
| M m (م) | | | | |
| N n (ن) | | | | |
| | | | | |

کەواتە لێرە دا بەپێی ئەم پێوەر و پێشنیازە، ئەم ئەلفوبێیە سەرجەم پیتە کوردییەکان لە خۆ دەگرێت و سیمایەکی گونجاو و بنەما دەنگسازییەکان بەپێی پێوەرێکی لۆژیکی و زانستی پەیڕەو دەکات. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بۆ کاراکردنی ئەلفوبێی لاتینی کوردی بە شێوەیەکی گشگیر و بێ گرفت، وەک پیتە کوردییەکانی ئەلفوبێی عەرەبی پەیوەست دەبێت بە لە خۆگرتنی (37) پیت، کە لە (8) پیتی بزوێن و (29) پیتی نەبزوێن پێك دێت، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| Ĕĕ(ئـ), Bb(ب), Pp(پ), Tt(ت), Cc(ج), Čč(چ), Ȟȟ(ح), Xx(خ), Dd(د), Rr(ر), Řř(ڕ), Zz(ز), Jj(ژ), Ss(س), Šš(ش), Ǎǎ(ع), Ẍẍ(غ), Ff(ف), Vv(ڤ), Qq(ق), Kk(ک), Gg(گ), Ll(ل), Ĺĺ(ڵ), Mm(م), Nn(ن), Hh(هـ), Ww(و), Yy(یـ). | پیتە نەبزوێنەکان |
| Aa(ا -ئا), Ee(ە ،ـە), Uu(و), ûÛ(وو), Oo(ۆ), Îî(ی), Êê(ێ), Ii(-). | پیتە بزوێنەکان |

## ئەنجام و پێشنیازەکان

لە کۆتایی باسەکەمان دەربارەی (ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی) بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، لەم خاڵانەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

1- گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی سەرەتاکەی هەوڵێکی دەرەکی بووە، نەک ناوەکی. بەڵام ئەلفوبێیەکەی سووریا لە ناچارییەوە بووە، بۆ بێ بەش نەبوونی کوردەکانی تورکیا، بەهۆی چیتر بەکارنەهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی لەلایەن تورکیاوە.

2- دانان و بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی بە لاتینی لە عێراق و ئەرمەنستان، سووریا، جگە لەوەی بە هۆی جیاوازی زمانی کوردی لە هەر چوار ئەلفوبێیەکە، نەتواندراوە بە تەنیا سوود لە ئەلفوبێی یەک زمان وەربگیردرێت. هەوڵەکانیان بێ ئاگاداری یەکتر بووە و هەر یەکە و بە پێی زارەکەی خۆی بووە، نەک زمانی کوردی بە گشتی. هەروەها لەلایەن دەستە و کۆمەڵەیەکی ئەکادیمی یاخود ئەکادیمیایەکی تایبەت بە بوارەکەوە ئەنجام نەدراوە.

3- له ئەلفوبێیەکەی سووریا جیاکردنەوەی (ل، ر) قەڵەو و سووک، دانانی هێمای (Ḧḧ, ', Ẍẍ) بەرامبەر پیتەکانی عەرەبییەکانی (ح، ع، غ)، بە هۆی پێشنیاز و دەسکارییەوە بووە. بەڵام تاکو ئێستا بە شێوەیەکی کارا و گشتگیر شوێنی خۆی نەگرتووە.

4- هەر چەندە پیتە عەرەبییەکانی وەك: (ط، ظ، ص، ض، ذ، ث) لە ئێستای زمانی کوردییدا بەکارناهێندرێ، بەڵام هۆکاری پێشنیازکردنی هێماکانی (Ťť, Žž, Šš, Ďď, Ẑẑ, Ŝŝ) بەرامبەر پیتە عەرەبییەکانی (ط، ظ، ص، ض، ذ، ث) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی که لە نێو دەقە شیعرییە کلاسیکییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە، لە وەرگێڕانی ئەم دەقانەشدا گرفتی زۆر دێتە ئاراوە.

5- وەک ڕێگەچارەیەک بە مەبەستی تەواوکاری و هاوتاکردنی پیتەکانی ئەلفوبێی لاتینی کوردی بەرامبەر پیتە کوردییەکانی ئەلفوبێی عەرەبی، ئەم پێشنیازەمان خستەڕوو:

آ- بە پێچەوانەی پیتە ئاماژە بۆ زیادکراوەکان کە نیشانەی هەشتی بچووک (8) یان بۆ زیادکراوە، نیشانەی حەوتی بچووک (7)، لە بری خاڵ (..) بۆ ئەوانی تر زیاد بکرێت.

وەك: (ڵ- Ĺ ĺ , ڕ- Ř ř, ح- Ẍ ẍ, غ- Ȟȟ).

ب- بۆ سەرجەم نەبزوێنە ئاماژە بۆ زیادکراوەکان نیشانەی هەشتی بچووک (8) زیاد بکرێت. بۆ سەرجەم پیتە بزوێنە ئاماژە بۆ زیادکراوەکانیش نیشانەی حەوتی بچووک (7) زیاد بکرێت. وەك:

- پیتە نەبزوێنەکان: (ئـ - Ĕ ĕ, چ- Č č, ح- Ȟȟ, ڵ- Ĺ ĺ, ڕ- Ř ř, ش- Š š, ع- Ă ă, غ- Ẍ ẍ).

- پیتە بزوێنەکان: (وو- Û û, ی- Î î, ێ- Ê ê).

# سەرچاوەکان

## 1- کتێبەکان


- ئەدمۆندز: سیسیل جۆن و ڤیلادمێر: مینۆرسکی، 1996، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، وەرگێرانی: سوڵتانی: ئەنوەر، چاپخانەی "کتاب ارزان"، سوید.

- ئەمین: نووری عەلی. 2014، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- پوور: ئەمیر حەسەن، 2015، سەدەیێک خەبات لە پێناو زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی.

- زنگابادي: جلال، 2014، الکردلوجیا- موسوعة موجزة، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل.

- خەزنەدار: د. مارف. 2010، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- خۆشناو: د. نەریمان عەبدوڵڵا. 2013، فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر

- عەلی: د. تاڵیب حوسێن. 2014، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- فتاح: پرۆفیسۆر. د. محمد معروف. 2011، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- فەخری: د.محەمەد.1977، ڕێنووسی کوردی، فەصلی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- فەرەج: حامید. 1976، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- کوردۆییێف: پرۆفیسۆر. ك.ك، 1984، ڕێزمانی کوردی بە کەرستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێرانی: موکریانی: دکتۆر کوردستان ، چاپخانەی الادیب البغدادیة، هەولێر.

- کوردی: لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای. 2010، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.



- موکریانی: گیوی. 1972، ئەلفوبێی کوردی وێنەدار بە پیتی لاتینی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

- ناوخۆش: سەلام و نەریمان خۆشناو. 2011، کوردۆلۆجی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- نەبەز: جەمال. 1976، زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بەرلین.

- نەبەز: جەمال. 1957 ، نووسینی کوردی بە لاتینی، بەغدا.

- هەژار: شێرکۆ، 2018، لە: ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی- ماوریتسیۆ گارزۆنی- ڕۆما.

**2- گۆڤارەکان:**

- ئەحمەد: د. بائیز عومەر.2007، ئەلفبێی یەکگرتووی کوردی بە پیتی لاتینی، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە 5، هەولێر.

- ئەمین: پرۆفیسۆر. د. وریا عومەر. 2012، بە ستاندارتکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە 21، هەولێر.

- بەصیر: دوکتۆر کامل، 1982، خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد"، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

- حاجی مارف: د. ئەوڕەحمانی، 1982، گیر و گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد"، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

- خەزنەدار: د. مارف. 2005، بە کورتی مێژووی گۆڕانی ئەلفوبێی زمانی کوردی، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە3، هەولێر.

## Serçawekan

### 1- Kitêbekan

Alî, T. H. (2014), Zanistî Ziman û Zimanî Kurdî, Hewlêr: Çapxaney Rojhelat.

Azîzan, M. H.. (1932), *Rêzana Alfabê ya Qurdî*, Şam.

Emîn, N. A. (2014). *Rêzmanî Kurdî*, Çapî Çarem, Çapxaney Rojhelat, Hewlêr.

Ferec, H. (1976). *Rênûsî Kurdî le Sedeyek da*, Bexda: Çapxaney Korî Zanyarî Kurdî.

Fetah, M. M. (201). *Zimanewanî*, Çapî Yekem, Hewlêr: Çapzaney Hacî Haşim.

Fexrî, M. (1977). *Rênûsî Kurdî*, Feslî Yekem, Hewlêr: Çapxaney Zankoy Selahedîn.

Lêjney Zarawe le Ekadîmyay Kurdî. (Bê tarîx). *Raspardekanî Konfiransî Berew Rênûsêkî Yekgirtûy Kurdî*, Çapî Duwem, Hewlêr: Çapxaney Hacî Haşim.

Mukuryanî, G. (1972). *Alfubêy Kurdî Wênedar le Pîtî Latînî*, Hewlêr: Çapxaney Kurdistan.

Nawxoş, S. û Xoşnaw, N. (2011), *Kurdolocî*, Çapî Hewtem, Hewlêr: Çapxaney Rojhelat.

Nebez, C. (1957) *Nûsînî Kurdî be Latînî*, Bexda.

Nebez, C. (1976). *Zimanî Yekgirtûy Kurdî*, Berlîn: Yekêtî Neteweyî Xwêndkaranî Kurd le Ewrûpa.

Xeznedar, M. (2010). *Mêjûy Edebî Kurdî*, Bergî Yekem, Çapî Duwem, Hewlêr: Dezgay Çap û Bilawkirawey Aras.

Xoşnaw: N. A. (201). *Fêrbûnî Pîtekanî Zimanî Kurdî*, Çapî Yekem, Hewlêr: Çapxaney Hêvî.

## Govarekan

Ahmed, B. O. (2007), “Alfbêy Yekgirtûy Kurdî be Pîtî Latînî”, *Kowarî Korî Zanyarî Kurdistan*, j.5.

Emîn, W.O. (2012). “Be Sitandartkirdinî Rîzbûnî Pîtekanî Nûsînî Kurdî” *Kowarî Korî Zanyarî Kurdistan*, j.21.

Xeznedar, M. (2005) “Be Kurtî Goranî Alfubêy Zimanî Kurdî”, *Kowarî Korî Zanyarî Kurdistan*, j.3.